


# سندوقەکانی ڕیفراندۆم ،
# یان سندوقەکانی گاڵتەجاڕی لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان دا ،

سازدانی ڕیفراندۆم و گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵك مەیلێکی فراوانی ناو کۆمەڵگای کوردستانە و خواستێکی فراوانی خەڵکە و بەردەوام لەلایەن یەکێتی و پارتی یەوە بە شێوازی جۆراو جۆر دژایەتی کراوە و سەرکوت کراوە و هەروەکو لە شکاتنامەکەی یەکێتی لەدژی حککع لە ساڵی 2000 دا بە تاوان و خەتەرێکی گەورە لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێرا ق لە قەڵەم دراوە . بەڵام سەرەڕای ناکۆکی و دژایەتی بەردەوامی یەکێتی و پارتی لەگەڵ ئەم خواستەی خەڵکی کوردستاندا بۆ دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان ساڵێك لەمەوبەر سیناریۆیەکی چەواشەکارانە و فریوکارانەیان بەناوی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمەوە بەڕێ خست دەنگ و خواستی سەدەها هەزار خەڵکی کوردستانیان لەبەردەم ئەنجومەنی حوکم دا بەتاڵ کردەوە و هەتا بتوانن لەم ڕێگایەوە فشار بهێنن و لە داڕشتنی دەستوردا ئیمتیاز و دەسەڵاتێکی زیاتر بدەن بە حزبەکانیان .

ئەمڕۆش جارێکی تر دەیانەوێ لە هەڵبژاردنەکانی کوردستان دا سیناریۆیەکی پووچی تری لەم چەشنە ساز بدەنەوە ، لە پەنا سندوقەکانی هەڵبژاردن دا سندوقێکی ساختە و گاڵتەجاڕانە بە ناوی سندوقی ڕیفراندۆمەوە دابنێن . ئەوان دەزانن کە خەڵکی کوردستان نایانەوێ جارێکی تر ژیان و چارەنووسی خۆی لە چوارچێوەی عێراقێکی قەومی و ئیسلامی دا گرێ بدەنەوە مەیل و ئامادەیی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستانیان نی یە و بە ئاستێکی کەم بە شداری دەکەن ، دەیانەوێ بە بەڕێخستنی سیناریۆی سندوقەکانی ڕیفراندۆم خۆیان لە دەست ڕەخنە و ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان قوتار بکەن و پەلکێشیان بکەن بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردن دا . هەروەها ئەگەر سبەینێ لە دوای هەڵبژاردنیش پێویستی کرد و ناڕازی بوون لە بەشی دەسەڵات و سەرمایەکانیان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی وەکو وەرەقەیەکی تری فشار بەکاری دەهێننەوە بۆ زیاد کردنی کورسی یەك یان بڕێکی زیاتری سەرمایە .

فێڵی ئەمجارەی یەکێتی و پارتی کە بە نیازن لە خەڵکی کوردستانی بکەن بە ناوی دانانی سندوقەکانی ڕیفراندۆمەوە لە پەنا سندوقەکانی هەڵبژاردندا ، لە سیناریۆی هەڵبژارن فریوکارانە تر و پووچ ترە . ئەوان بە کردەوە بە بێ پرس و وەرگرتنی ڕای خەڵکی کوردستان هەڵبژاردنێکیان بەسەر خەلك دا سەپاندووە کە بە ئیجباری کۆمەڵگای کوردستان بە عێراقەوە گرێ دەدات جارێکی تر کۆمەڵگای کوردستان دەخاتەوە بەردەم حکومەت و دەسەڵاتێکی پێشتر دیاریکراوی قەومی و ئیسلامی لە عێراقدا ، دەروازەیەکیان بەڕووی خەڵکی کوردستان دا کردووەتەوە کە جگە لە شەڕ و ململانێی قەومی و نائارامی و تەفرەقە و سەرکوت هیچ دەستکەوتێکی تری بۆ خەڵك تێدا نی یە. سندوقەکانی ڕیفراندۆم لە پەنا دەستی سندوقەکانی هەڵبژاردنێکی لەو چەشنەدا گاڵتەجاڕی کردنە بە هەست و خواستی خەڵك ، بە ئیرادەو دەنگی خەڵك .

خەڵکی کوردستان نابێ ئەمجارەش فریوی ئەم فیلێ و تەڵەکەبازی یە بخۆن . سندوقەکانی هەڵبژاردن بە سنوقەکانی ڕیفراندۆمیشەوە موقاتەعە و ڕیسوا بکەن، لە بەرامبەردا دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بۆ سازدانی ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوە و دامەزراندنی حکومەتێکی سکۆلار لە کوردستان دا بەرز بکەنەوە .

2005 / 01 / 17